# ئاینده‌یه‌كی دۆڕاو



**كارمه‌ند به‌كر**

**له‌ دوای چوار مانگ چاوه‌ڕوانی هێشتا لیستی ئیئتلافی شیعه نه‌گه‌یشتونه‌ته ڕێكه‌وتنێك بۆ ئه‌وه‌ی كه پاڵێوراوێك ده‌ستنیشان بكه‌ن هه‌م كورد پێی ڕازی بێت و له لایه‌كی تریشه‌وه سونه‌كانیش پێی قایل بن ، لێره‌وه ده‌كرێت قسه له سه‌ر ڕه‌ت كردنه‌وه‌ی جه‌عفه‌ری بكه‌ین له لایه‌ن  سه‌ركردایه‌تی كورد و سونه‌كانه‌وه كه ده‌ڵێن جه‌عفه‌ری نه‌یتوانیوه كارێكی وا بكات كه ئێمه ڕازی بكات و ئادائی باش نه‌بووه  و ڕێگر بووه له جێبه‌جێكردنی ماده‌ی 58 و ته‌واوی كاره‌كانی تری كه ده‌كرا بۆ كورد بكرێت ، پرسیاره‌كه ئه‌وه‌یه ئایا؟ جه‌عفه‌ری وه‌ك تاك ڕێگر بووه له به‌رامبه‌ر جێبه‌جێنه‌كردنی ئه‌و كارانه یان ! ئه‌وه باكگراوندی جه‌عفه‌ری یه كه به‌رنامه دانه‌ر و ئاراسته‌كه‌ری جه‌عفه‌رین بۆ ئه‌وه‌ی كه ڕێگری بكات بۆ ئه‌وه‌ی خاو و خلیچكی بكاته به‌رده‌م كاره‌كان .**

**ئه‌وه‌ی كه به ئاشكرایانه بدوێت و بیه‌وێت ڕاستی ئه‌م بابه‌ته بزانێت  ئاشكرایه كه ئه‌وه لیستی شیعه و هاوكاره‌كانیانن كه نایانه‌وێت ئه‌وه‌ی كه بۆ كورد و كه‌م كردنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاته‌كانیان و قازانجه‌كان بكرێت قبوڵیان نی یه ، چونكه ئه‌گه‌ر به ته‌نها كه‌سێكه و لیستی ئیئتلاف له‌گه‌ڵ كورد ته‌بایه و به  ده‌ستور و ته‌وافوقه‌كان ڕازی یه و پێی وایه كه ده‌بێت جێبه جێبكرێن و  به بڕواوه ئه‌و ته‌وافوقه‌ی كردووه ، كه‌واته بۆ ئه‌وه‌ی كه بیسه‌لمێنێ ڕاستگۆیانه ده‌دوێت و كار ده‌كات ده‌بێت به‌لاشیه‌وه ئاسای بێت كه كه‌سێك بگۆڕێت و كه‌سێكی دی دابنێت .**

**كێشه‌ی شیعه و سه‌ره‌ك وه‌زیران وای له ئێمه‌ش كردووه كه ئیفلیج بین و سه‌ركردایه‌تی كورد له به‌غدا له جیاتی كار كردن بۆ مافه‌كانی كورد هاوسه‌نگی نێوان هێزه‌كان ده‌پارێزێ و تا ده‌گه‌ینه ئه‌و كاته‌ی كه كاتمان لێ ڕۆیشت و بوینه‌وه قوربانی سیاسه‌تی شیعه و خۆشمان نازانین چی ده‌كه‌ین و چۆن كار بكه‌ین .**

**تا دوێنێ به ده‌ست سه‌دامه‌وه ده‌مان ناڵاند ئێستاش به ده‌ست سیاسه‌تی شیعه‌وه  ، كار ده‌گاته ئه‌وه‌ی كه باڵوێزه‌كانی ئه‌مریكا و به‌ریتانیا ماوه‌ی سێ ڕۆژ داده‌نێن بۆ سه‌ركرده عێراقیه‌كان بۆ ئه‌وه‌ی كه حكومه‌ت پێك بهێنن و كه‌واته سه‌ركردایه‌تی كورد له به‌غدا شه‌ڕێك ده‌كات كه شه‌ڕی ئێمه نی یه و  گه‌مه‌یه‌ك ده‌كه‌ین كه ده‌زانین تیایدا دۆڕاوین .**

**ئه‌گه‌ر سه‌ركردایه‌تی كورد به‌م شێوه نه‌رم و نیانه هه‌نگاو بنێت و مامه‌ڵه‌ی ئاوها بێت ده‌بێت نه به‌ته‌مای كه‌ركوك بین و نه سنوریشمان دیاری ده‌كرێت ، نه فیدڕالیه‌ته‌كه‌مان بۆ سه‌ر ده‌گرێت و نه سامانی عێراقیش بۆ كوردستان سه‌رف ده‌كرێت ، چونكه ئێمه بیرمان چۆته‌وه كه ده‌نگمان دا ! ده‌نگدانمان بۆ كاركردن نه‌بوو بۆ هاوسه‌نگی ڕاگرتن و ته‌وافوقی لایه‌نه‌كه‌نی دی ده‌نگمان بۆ كورد و كوردستان بوو ، نه‌ك كارێك بكه‌ین و كاره سه‌ره‌كیه‌كه‌ی خۆمان بیرچێته‌وه .**

2004/2/12